# شۆڤێنیەتی ئەوان و حیزبیەتی ئێمە؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

هێشتا بە ئەفسانە کردنی حیزب و بەکاریزماکردنی سەرکردەکان لای کورد لە پێشترە تا بە ئەفسانەکردنی نەتەوەو بەرز ڕاگرتنی شیعارە نیشتیمانیەکانمان ، هێشتا لە کولتوری سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێمەدا خەون هەر خەونی حیزبەو شەهیدو سەروەری و مێژووی شۆرش و داهێنانەکان و داستان و قارەمانێتی هەر هی حیزبەو حیزب خوڵقاندوێتی و ئەشیخوڵقێنیٚ، هێشتا دەزگایەکمان نیە برەو بە ڕۆحی میللی و نەتەوەیمان بدات و پارێزگاری لە بەهاکانی بکات وەك ئەنجومەنێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، هەریەك لەو دەوڵەتە ئیقلیمیانەی کە کوردیان تەنیوە وەك عەرەب و تورك و فارس و ئێمە زۆرجار ووشەی شۆڤێنیزم ئەکەینە پێشگر یا پاشگریان هێندە نەتەوەیان بەپیرۆز ڕاگرتوە پیرۆزیەك نەماوەتەوە بۆ حیزب و ڕێخراوەی ئایدۆلۆژی وەك ئەوەی لای ئێمە هەیە، ئەوان بۆچی پێیان ئەوترێت شۆڤێنی؟ لەبەر ئەوەی دژی بەدەوڵەتبوونی کوردن و لەگەڵ کورددا ناکۆك و خراپن، یان وا هەڵکەوتون خزمەتی نەتەوەی خۆیان بکەن یان لەگەڵ خۆیان و ڕەگەزی خۆیاندا ڕاستگۆو باشن؟ ئەگەر شۆڤێنیەت بریتیبێت لە بەرچاوکوێرییەکی نەتەوەیی و خزمەتی موتڵەق بەگەل ونەتەوەی خۆت و نەبینینی نەتەوەو ڕەگەزی دیکەو ئەوپەری هەوڵ ودڵسۆزی بۆ بەرزراگرتنی دروشمە نەتەوەییەکانی خۆت دژی نەتەوەی دیکە وهەموو ئەم خەسڵەتانە لە تورك و فارس و عەرەبدا هەبن ئەوا جگە لە کاردانەوە پاسیڤ وخراپەکانی بۆ کورد کە جێگای قبوڵ نیە ئەوا بۆ خۆیان جۆرێکە لە هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕاستگۆیی و خزمەتگوزاری بۆ نەتەوەکەی خۆیان بیٚ فێڵ و درۆکردن، بەڵام کۆی ئەم خەسڵەتانە کە ئێمە بەخراپی ئەزانین بۆ خۆمان و ناومان ناوە شۆڤێنیەت ئەوە توانای بەجێهێنانیمان نیە لە بەرگی نەتەوەدا و گواستومانەتەوە بۆ حیزب، ئەگینا ئێمەش جۆرێك لە شۆڤێنیەت پەیرەو ئەکەین بەڵام نەك بۆ نەتەوە بەڵکو بۆ حیزب و حیزبیەت ! ئەوان ڕاستە برەو بە شتێك ئەدەن کەناوی شۆڤێنیەتەوبە ستراتیج و سیاسەتی ڕۆژانەیان توانیان دەوڵەت و سەروەری و داهات و ئاڵاو سنوری نیشتیمانی خۆیان دەستەبەر بکەن و دوژمنەکانی خۆیانی پیٚ لە خاچ بدەن تەنانەت ئاین و مەزهەب و تەریقەتەکان بەتایبەتی ئیسلامیان کردە کاڵایەکی سیاسی هەرزان بۆ بنیادنانی ووڵات و دەوڵەتەکەیان، ئایا ئەمە هۆشیاری و سیاسەت و زیرەکی نیە؟ گەر تورکیا بەنمونە وەربگرین دەوڵەتی تورك بە حساب عەلمانیەتە بەڵام وەکو ناوەرۆك پریەتی لە هێزی دینی و تەریقەت و ئەدیان، کەسایەتیەکی گەورەی کوردی تەریقەتی نەقشبەندی وەکو مەرحوم شێخ عوسمانی بیارە (قدس الله سره) لە ئەستانبوڵ وەفات ئەکات  لەبەر ئەوەی چەند ملیۆنێك موریدی هەبوو وە بۆ قودسیەتی دەوڵەتی تورکیا باشەو خزمەت ئەکات و سبەینیٚ مەرقەدەکەی ئەبێتە ناوەندێکی گەرموگور بۆ تورکیا، ئەوا ناهێڵێت تەرمەکەی لەخاکی تورکیا ببرێتەوە بۆ زێدی خۆی، کەچی لای ئێمە گوندێکمان هەیە بەناوی عەبابەیلیٚ لە بناری شنرویێ هەڵەبجە کە وەختی خۆی بەناوی پیاوچاکێکی جەنگاوەرەوە ناونراوە کە ناوی ئەبو عوبەیدە بوە کە ئێستاش مەرقەدەکەی لەوێیە،  کەچی بەناو مێژونوسی وامان بۆ ڕاست ئەبێتەوە بەراست و چەپدا قسەی بیٚ بەڵگە ئەکات گوایە ئەوەی لەوگۆرەدایە نە (ئەبوعوبەیدەی جەراحەو نە ئەنصار) وەك بڵێی بەم قسانە لە ئیسلامیەکی بەرژەوەند خوازەوە بێتە نەتەوەییەکی عەیار بیست و یەك، لەلایەکی تر ڕاستە ململانێی حیزبی و سیاسی لە تورکیا هەیە بەڵام شتێکیش هەیە پێی ئەوترێت جەنراڵ و باڵی عەسکەر کە پارێزگار و ڕەقیبێکی سەرسەختی نەتەوەی تورکەو وەك پرەنسیپیش چەسپاوەوئەوەی بچێتە سەر ئەوکورسیە ئەگەر ئۆزال بێت چیللەر بێت یەلماز بێت یان ئەگەر ئەربەکان وئۆردوغانیش بێت کە ئیسلامین بەڵام نابیٚ لەو پرەنسیپە نەتەوەییانە لابدەن و شتێك هەیە پێی ئەوترێت هێڵی سور، ئەی ئێمە چیمانکرد وەك ئەو هەموو حیزب و گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەمان ؟ ئایا عیللەتی بیٚ دەوڵەتیمان ئەوەیە کە شۆڤێنی نین یان ئەوەیە کە شۆڤێنییەکی حیزبین؟ لەکاتێکدا ئێمە وەکو حیزب و ڕێخستن و میکانیزمەکانی حیزبایەتی پرین لە گیانی شۆڤێنیەت و دڵسۆزی بۆ حیزب و خۆبەکوشتدان وگیان بەختکردن لەپێناو سەروەری ئایدۆلۆژی و حیزبیدا، کە شەری ناوخۆی حیزبی کوردی و ئەوهەموو ململانیٚ نادروست و ماڵوێرانی و تەکەتولات و شانشانێن و زنجیرە تەئریخەی ئینشیقاقی حیزبەکانی ئێمە نمونەی بەرچاون و بۆخۆی بریتیە لە مومارەسەکرنی

چەمكی شۆڤێنیەت لە بەرگە حیزبیەكەیدا كە ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەستبەرداری نەبووین، كە دۆخێكی وای دروستكردوە نەوەی ئێمە ئەوەندەی كە هۆشیاری هەیە بەرانبەر حیزب و پرۆگرامە ئایدۆلۆژیەكەی ئەوەندە هۆشیاری نەتەوەیی نیە، بگرە هۆشیاری نەتەوەیی تائێستا لە ئەدەبیاتێكی زاراوەیی و ئیعلامی تێپەری نەكردووە بۆ ئیشكردنێكی شاقوڵی كە رۆژێك لەرۆژان قوربانی بۆ بدەین، بۆیە حیزبیەتی ئێمە رەنگە بە جۆرێك لە جۆرەكان جێی شۆڤێنیەتی ئەوانی گرتبێتەوەو ئەم فەزایەش وای كردوە زۆر شێلگیرنەبین بەرانبەر دروست نەبونی قەوارەیەكی سیاسی نەتەوەیی، بەپێچەوانەوە بۆ وەرنەگرتنی ئیمتیازاتێكی حیزبی و چەند پۆستێكی حەساس و ژمارە زۆریی ئەندام پەرلەمانەكانمان ئەوا حیزب ئامادەیە پاشەكشە بكات و شۆرش دەست پێ بكاتەوە و تفەنگەكان بكاتەوە شان، چونكە ئەم رەوشە لە قازانجی حیزب نیەو هەر شتێكیش لە قازانجی حیزب نەبوو ئەوا دژی نەتەوەو نیشتیمانیشە !؟

لێرەوە ترسی ئێستامان ئەوەیە ئایندەمان لە سەردەستی هێزێكی ئایدۆلۆژی حیزبی نارێخراو بنیاد نراوە كە یەكێتی و پارتی و حیزبە بچوكەكان رەنگ رێژی ئەكەن نەك گوتارێكی نەتەوەیی سیاسی رۆشن... ئەمە ئەو دۆخە دژوارو تراژیدیەی تاكی كوردی و ئەو واقیعە داسەپاوەیە كە خودی ئەو هێزانەش كە ناومان هێنان ناتوانن نكوڵی لێ بكەن ! كێشەی من نە زیادكردنی وەزیرێك و نەپەرلەمانتارێك و نەكورسی و ئیمتیازێك و نە هاتنی عەللاوی و یاوەریشە بۆ ( دوكان الشیخ) ەكەی كوردستان كە خۆشبەختانە نەهاتن و هیچ داوای لێبوردنیشیان نەكرد كە بەراستی دەلالەت و مەغزای قووڵی هەبوو وەك ناردنی پەیامێكی تەمومژ، بەڵكو كێشەی من گۆرینی ئەو عەقڵە ژەنگرتوە نەگۆرەی عێراقی عەرەبییە كە كورد وەكو سنورو ئالاو كێشەی سیاسی و سەربەخۆ ناناسێت ئەوەی ئەیناسێت تەنها بارزانی و تالەبانییە، ئیتر بەبروای من دەنگم بەخەسار ئەچێت وەك كورد چونكە بۆ رێخستنەوەی ماڵی من نیە ئەوەندەی بۆ دەوارنشینەكانی عەرەب و عەگال بەسەرەكانە ! سیناریۆی تازەكردنەوەی ماڵی روخاوی بەعس و دەوڵەتی دەستكردی عێراق لە سەر دەستی نوخبە سیاسیەكانی كورد بە ناوی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە بریتیە لە كۆی میراتێكی سەقەت كە بەعس و دەسەڵاتە تۆتالیتاریەكانی رابردوو خستیانە مێشكی كوردوهەنووكە ناتوانین خۆمانی لێ قوتار بكەین، ئەوەی هەیە ئەمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا بە ناوی ململانێی گروپ و هێزەكان كە بەنیازین ناوی لێ بنێین هەڵبژاردن و گەمەی دیموكراسی هیچ نیە جگەلە گەمەیەك بە ماكیاژی دیموكراسیەوە بۆ عەشقی كورسی و پلەو پایەی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی، لێرەدا بە تەنها ئەم واقیعە تراژیدیە نامانوەستێنێ لەبەردەم سندوقێك كە پرە لەدەنگ و هەمان كات خاوەنی هیچ دەنگێكیش نیە، لەبری ئەمە ئەوەتاین لەبەردەم سێبەرەكانی بەعسیزم و شۆڤێنیەتێكی نوێ، لەبەردەم سەلەفیەتێكی فیكریی مەزهەبی حیزبی خێڵەكی وەهادا كە سەدام زۆر رۆشنگەرترە لە چاویاندا ؟ سەلەفیەتی مامەڵەكردنێكی عەشوائی بۆ دیوەخان و عەشرەت و نەوەیەكی پیرو بەساڵاچوو كە ئەخوازێت سیاسەت بە پێوانەی پەنجاكانی عێراق بپێوێ، وەختێ منی كورد وەك تاكێك دەنگ ئەدەم نەسەربەخۆیی و نەفێدرالیەت و نەشوناسی كوردانەی راستەقینە دەستەبەرناكەم، ئەوەندەی دەتوانم دەنگی من كۆمەك بێت بۆ گواستنەوەو كاڵكردنەوەی ووشەی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی نیشتیمانی سنووری عێراق نەك سنوری كورد و جەبەل حەمرین؟ ئێمە لەبیرمانچوو كە ماوەیەك لەمەوبەر گەورەترین هەڵبژاردن و دەنگدانمان تۆماركرد بە ناوی ریفراندۆم و هیچمان بە هیچ نەكرد؟ئاخر دووملیۆن هەست و ئیمزای كوردانە چی لێهات جگە لە ئەنفالكردن؟ سەركردایەتی سیاسی كوردی ئەتوانێ بەوەڵام بێت بۆ دێرە بەدەرخۆنەكردنی ئەو ئیمزایانە؟ئایا بۆچی روانینێكی نەتەوەییانەمان نەبوو تا بچێت بەشوێن ئەو ئیمزایانەدا مەگەر ئەو دەنگانە نەخێرو نارەزایی و توورەبوونی شەقامی كوردی و ئەنفال و هەڵەبجە نەبوو دژ بە عێراقی یەكگرتوو؟ ئەی زەمانەت چیە بۆ ئەو دەنگانەی دیكە كە ئێستا حیزب ئامادەسازیی بۆ ئەكات وەك دەنگی ریفراندۆمەكەمانی لێنەیەت؟ ئێمە ئێستا نەتوانین گرەنتی ئەو دەنگانە بكەین ئەی سبەینێ چۆن ئەتوانین بەرانبەر دەستور بوەستین، كەواتە شتێك هەیە پێی ئەوترێت قۆناغێكی سەخت و هێشتا نەمان بریوەو بە روانینی حیزبیانەش نابردرێت و بەو خۆشبینیە سیاسیەشەوە مەحاڵە ئەمجارەش بتوانین شەترەنجەكە لە عەرەب ببەینەوە ئەگەر نەشمانخزێننەوە خانە رەشەكان..؟؟